# ڕۆژنامەی ئازادو دەسەڵات

## کەمال ڕەئوف

ماوەیەکە وا دەر دەکەوێت کە پارتی و یەکێتی لەدەست ڕۆژنامە ئەهلیەکانی کوردستان و ماڵپەرە کوردییە سەربەخۆکانی دەرەوەی کوردستان بێزار و تورە بووبێتن, کۆبوونەوەکانی ئەم دواییانەی هەر دولایان لەسەر ئاستی باڵاو بڕیاردانیان بۆ پیاچوونەوەی مەسەلەی دارایی‌و کۆمەك کردنی بواری ڕاگەیاندن, هێرشکردنە سەر ڕۆژنامەکان و دەسپێکردنی گرتن و لێ پێچینەوەی پۆلیسیانەی توند و نیشاندان و بەدەستەوە گرتنی یاسای نایاسایی کۆنی بەعس بە ڕووی ڕۆژنامەنوسانی ناحیزبیدا, هەموو ئەوانە نیشانە گەلێکی زۆر و ئاشکرای ئەو تورەبوون و بێزاریانەی هەردوو حیزبن لەو پانتاییەی کە ئێستا بۆ ئازادی و قسەکردن هەیە, تورە بون و بێزاری ئەوان لەو هەلومەرجەیە کە ئێستا تاڕادەیەك بواری بۆ ڕۆژنامەی ئازاد لە کوردستاندا خولقاندوە, دیارە بێزارو تورە بوونەکانیش ئەوەنیشان دەدا, کە چیتر دەسەلات لەهەوڵی ئەوەدابێت بەهەماهەنگی هەردوو حیزب و بە بەرنامەیەکی شێنەیی ئەو بوارە نیمچە ئازادیەی کە هەیە بەرتەسك بکرێتەوە تا ئاستی ئەوەی کە خۆیان لێ ڕازی دەبن, ئەوەی کەلەماوەی ئەم چەند هەفتەیەیی ڕابردودا بینیمان و بیستمان ئەوە سەرەتایەکەو وەك زەنگێکی ئاگادارکردنەوەی دەسەڵاتە بۆ ئەوەی کە بەلایەنەکانی بەرانبەریان بلێن: هێندە بچنە پێشەوە تاکو خەتی سور نەبەزێنرێت, هێندە تەحەمولتان دەکەین تا دەست لە پیرۆزیەکانمان وەرنەدەن!

دەرخستن و ئاشکرا بوونی بێزاری و تورەیی ئەوان لە ڕەخنەو ڕخنەگران لای زۆربەی خەڵك شتێکی سەیرو نامۆ نییە, چنکە هەر کەسێك گەر هێندەی سەرە واوێك لە سیاسەتی کوردی ئاشنا بێت , ئەوا دەزانێ کە جامی تاقەت و حەوسەلەی حیزبی کوردی لە بەرانبەر دەنگی ڕەخنەو نیشاندانی جیاوازیدا چەند بچوك و پەللە, بەلاَم ئەوەی کە ئەمڕۆ وایکردوە کەتا ڕادەیەك ئەوان هێمنی و بێدەنگی خۆیان لە بەرانبەر ئەو دەنگەجیاوازانەدا بپارێزن , بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەلومەرجە جیهانیی و پەیوەندیە دەرەکیانەی کە تارادەیەك بواری هەڵکوتانەسەرو کاری زۆرەملێیانەی لە دەست هێزە لوکاڵەکان سەندۆتەوە, وە بەشەکەی تریشی پەیوەندی بە شکستی لۆژیکی ئەو جۆرە مامەڵیەوەیە کە هەردوو حیزب لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە بەرانبەر حیزبە بچوکەکانی ئۆپۆزیسۆندا گرتبویانە بەرو لە ڕێگەی پێدانی موچەو بژێوییەوە توانیبویان کونترۆڵی حیزبەکان بکەن, بۆیە پێدەچێت تورەبوون و بێزاری ئەوان هەماهەنگ بێت لە گەڵ ئەوەی کە بەکردەوە گەیشتن بەو بڕوایەیی کە چیتر تێزی گەمەکردن بە پارەو کۆمەك وەك ئەوەی کە پێش بینیان کردبوو هاو شێوەی حیزبە بچوکەکان لەگەڵ ڕۆژنامە ئەهلیەکاندا سەرکەوتونەبوو, بۆیە چاوەڕێی ئەوە دەکرێ کەلە ئایندەیەکی نزیکدا حیزب و دەسەڵات لەبەرانبەر ڕەخنەو ڕەخنەگران وسەرە ڕۆیی ڕۆژنامەی ئازادا بیر لە شێوازی ترو گەمەی تر بکەنەوە.

ئەوەی کە تا ئێرە باسمان کرد ئەتوانین بلێن ڕوداوگەلێك و بەسەرهاتێکی ئاسایی نیۆکۆمەڵگەی ئێمەیە ,بۆیە دەڵێم ئاسایی چونکە سەرباری ئەوەی کەخاوەن حکومەت و دەسەڵاتی پەرلەمانین ,بەلاَم هێشتا ئێمە بەوە مەحکومین کە سەلیقەی گروپ و حیزب بە ڕێوەمان ببات نەك یاسا و نوێنەرەکانی خەڵك, بۆیە دەڵێم ئاساییە, چونکە هێشتا ئێمە نوقمی دەستی تەوافوقاتی حیزبین و ئەوەی کە حوکم دەکات مەزاجی سەرکردەیە نەك لۆژیك و مەنتیقی سندوقەکانی هەڵبژاردن , بەلاَم ئەوەی کە زیاتر ئاسایی نییەو سەرنج ڕاکێشە لەنێو ئەم هاو کێشەیەدا کە سەرێکی دەسەڵاتەو سەرەکەی تری ڕۆژنامەو ڕۆژنامە نوسانی ڕەخنەگرە ئەوەیە, کە هەندێك جار دەنگی ڕۆژنامە نوسێك دەبیستیت کەبەزمانی پارانەوە قسەدەکات لەم کێشەیەو بەسەرسامیەوە دەڕوانێتە هەنگاوەکانی دەسەڵات لەدژی خۆی, ئەو بەجۆرێك دێتە قسە وەك ئەوەی کە چاوەڕوانی ئەوەی نەکردبێت کە ڕۆژێك لە ڕۆژان دەسەڵات بیەوێت ئازادیەکانی بەرتەسك بکاتەوە, ئەو جۆرە لە ڕۆژنامەنوسان بەجۆرێك لەهەلومەرجەکە دەڕوانن کەلایان وایە نێوانی دەسەڵات و ڕەخنە هێندە تێکەڵە کە ناکرێت لێکیان جیابکەیتەوە و ئاوێزانی یەکتر بوون, پێدەچێت ئەو لەوە بێ ئاگابێت کە دەسەڵات و ڕۆژنامەنوسی ڕەخنەگر دوو هێلی هاوتەریبن و هەمیشە و لەهیچ شوێنێك بەیەك ناگەن, ڕەنگە ئەو تەرزە لە ڕۆژنامەنوسان لەوە بێ ئاگابن کە ئەوەی دەتوانێت هاوکێشە وپارسەنگی لەنێوانی دەسەڵات و ڕۆژنامەدا دابنێت و بپارێزێت ئەوە یاسایە , ئەوە مەرحەمەت و پیاوچاکی و دلگەورەیی دەسەڵات نییە کەوا دەکات لە وڵاتانی پێشکەوتودا ئازادیەکی زیاتر بۆ ڕۆژنامەنوسان و دەنگی جیاواز لەئارادایە, لە هیچ شوێنێکی ئەم دنیایەدا نەبووە و نابێت دەسەڵاتێك بە بێ هیچ فشارو زور بۆهێنانێك لەخۆیەوە پەتی بۆ ئازادیەکان شل کردبێت, بۆیە ئێمە کە خاوەن یاسایەك نەبین بۆ ڕێکخستن و سەلماندنی پانتایی ئازادیەکان , ئێمە کە خاوەن پەیوەندیەکی تەندروست جێکەوتو و سەلێنراو نەبین لە یاسادا, ئەی ئەبێت چاوەڕێ چیبکەین کاتێك دەسەڵات و حیزب لێمان تورەدەبێت؟ ناکرێت ڕۆژنامە نوسێکی ئازاد چاوەڕێ ئەوەبێ لە پاداشتی نوسینی ڕەخنەیەك یان بلاَوکردنەوەی هەواڵێك لەسەر کەمووکوڕی دەسەڵات بە ئافەرین وەلاَم وەربگرێتەوە ,ئەوە وەهم و بڕوابوونە بە سەراب کە ڕۆژنامەنوسی ئازاد چاوەڕێی مەرحەمەت و دەستخۆشی دەسەڵات بکات لە سەر بەیان کردنی

ڕەخنەو  شکاندنی دیوارەکانی بێدەنگی ,ئەگەر ڕۆژنامەنوسی کوردی بەو مەنتیقەوە دەیەوێت لەگەڵ دەسەڵاتدارانداا مامەڵە بکات کە تاسەر ئەم ڕەخنە بگرێ و دەسەڵات لەبەرانبەریا بێدەنگ ببێ, ئەوە بەدڵنیاییەوە سبەینێ ئەو خۆی لە بەرانبەر جەبەروت و گەمەکانی دەسەڵاتدا بێدەنگ دەبێ, ئەگەر ڕۆژنامەنوس چاوڕێی ئەوەبێ کەدەسەڵات لە بەرانبەر ڕەخنەکانیدا بەزمانی شیرین بی لاوێنێ ودەست بەسەریا بهێنێت, ئەوە بەدڵنیایەوە کە سبەینێ دەسەڵات سەریشی لێدەستێنێ.